


خاڵەبەکر

bakeramin@hotmail.com


# کەسەر

باخچەکەی دایکم..،

لە حەوشە کۆنکرێتیە بچکۆلەکەماندا..

لە تەنەکەیەکی،

ژەنگگرتووی هەندێ چڵە نازناز بەدەر نەبوو..!

بەیانیان..

پاش دوو ڕکاعەتەکە..!!

دوو جامولکە..!

فەرزە ئاویشی ئەکرد بەڕوخساریانا..،

ئەو دەمەش..

لە کەلەگێکە*..!

مەرگ و پیەمێرد میوانی ناوەختی بوون*..!

باوەشی خۆم بۆ کردبوو،

بە باوەشەکەی جارانی خۆی..

گۆی فرمێسکیشم بۆ کردبوو،

بە گۆی مەمکەکانی جارانی خۆی..،

نازنازەکانیش،

بەبێ دەنگی..،

بەگڤ، ژێر بونەوەدا ئەچوون..!

لە خوناوی فرمێسکیانا ووشك بوون.

*

*کەلەگێ: پان و پۆڕترین و گەورەترین ژوری خانوی قەیمە

*پیەمێرد: ئیزرائیل، ڕۆح کێش.